ئەگەر بانگبێژ بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، وبەکێکتان بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر بانگبێژ بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، وبەکێکتان بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (أشهد أن لا إله إلا الله)، (ئەویش) بڵێت: (أشهد أن لا إله إلا الله)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (أشهد أن محمدا رسول الله)، (ئەویش) بڵێت: (أشهد أن محمدا رسول الله)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (حي على الصلاة)، (ئەویش) بڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (حي على الفلاح)، (ئەویش) بڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، (ئەویش) بڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، پاشان (بانگبێژ) بڵێت: (لا إله إلا الله)، (ئەویش) بڵێت: (لا إله إلا الله) ؛ لە دڵیەوە ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

بانگدان بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکیە کە کاتی نوێژکردن هاتووە، و ڕستەکانی بانگدان ؛ ڕستەکانی بیروباوەڕی لەخۆگرتووە لەئاینی ئیسلامدا. لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوەی ڕێگەپێدراوە لەکاتی بیستنی بانگدا ؛ ڕوونیدەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە بیسەر وەکو بانگبێژ بڵێت، ئەگەر بانگبێژ ووتی: (الله أكبر الله أكبر)، ئەوا بیسەریش دەڵێت: (الله أكبر الله أكبر)، بەم شێوە لەپاش بانگبێژ ڕستەکان دووبارە دەکاتەوە هەتا بانگبێژ دەگاتە ئەوەی دەڵێت: (حي على الصلاة) ، (حي على الفلاح)، لەم کاتەدا بیستەر دەڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله). پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی بۆ ئەوە کرد هەرکەسێك بەدڵسۆزی لەدڵیەوە بانگەکە دووبارە بکاتەوە لەپاش بانگبێژ ؛ دەچێتە بەهەشتەوە. مانای ڕستەکانی بانگدان: (الله أكبر): واتا خوای گەورە -سبحانه وتعالى- لەهەموو شتێك گەورەتر وشکۆدارترە. (أشهد أن لا إله إلا الله): واتا هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله. (أشهد أن محمدا رسول الله): واتا دانپێدا دەنێم وشاهێدی دەدەم بە زمان ودڵم کە موحەمەد پێغەمبەری خودایە، خوای گەورە ناردوویەتی، وگوێڕایەڵیکردنی واجبە. (حي على الصلاة): واتا وەرن بۆ ئەنجامدانی نوێژ، وکاتێك بیسەر دەڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله): واتا هیچ ڕێگایەکمان نییە بۆ دەربازبوون لەڕێگریەکانی پەرستشەکان وهیچ هێز وتوانایەکمان نییە لەسەر کردنی هەرشتێك مەگەر بە یارمەتیدانی خوای گەورە نەبێت. (حي على الفلاح): واتا وەرن بۆ هۆکارەکانی بردنەوە وسەرکەوتن وسەرفرازی، ئەویش بردنەوەی بەهەشت وڕزگاربوونە لە دۆزەخ.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65086